هەرێمی کوردستان/ عێراق | إقليم كوردستان/ العراق
ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٦٢) لە ٢٠٢٠/٧/١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری پلاندانان، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٢) لە ٢٠٢٠/٧/١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (چوارچێوەی هاوبەشیی کەرتی گشتی - کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان) وەك ڕێبەرێك بۆ جێبەجێکردنی هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە.

٢. پێکهێنانی (ئەنجومەنی باڵای هاوبەشیی بۆ کەرتی گشتی - کەرتی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران) بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەم بەڕێزانەی خوارەوە کە دەبێتە خاڵی سەرەکی پەیوەندیکردنی (یەکەی هاوبەشیی کەرتی گشتی - کەرتی تایبەت) لە وەزارەتی پلاندانان:

أ) بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا.
ب) بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری- ئەندام.
ج) بەڕێز وەزیری پلاندانان- ئەندام.
د) بەڕێز سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران- ئەندام.
هـ) بەڕێز سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان- ئەندام.
و) بە بەشداریکردنی وەزیری پەیوەندیدار بە پرۆژەکە بەپێی تایبەتمەندێتی.

٣. دەبێت وەزارەتی پلاندانان لە نزیکترین دەرفەتدا دوا دارشتنی یاسایی (چوارچێوەی هاوبەشیی کەرتی گشتی - کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان) بە شێوازی پەیرەو دابڕێژێتەوە بە ڕەچاوکردنی ئەو چوارچێوەیەی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا پەسەند کرا.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران